# ناوەندی کوردی لە زۆتەرمیر , سمینارێك لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی هۆڵەندی , بۆ دوو پارتی چەپی هۆڵەندی ڕێك دەخات

ڕۆژی یەکشەممە 12-11-2006 کاتژمێر 2,30-4,30 ناوەندی کوردی لە زۆتەرمیر , کۆڕێکی بۆ نوێنەرانی هەردوو پارتی سیاسی هۆڵەندی " پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی SP , پارتی چەپی سەوز ڕێك خست , کە ژمارەیەکی باش لە هاوولاتیانی کورد لە شارەکە ئامادەی کۆڕەکە بوون .

لە پارتی سۆسیالست بەڕێز Daniël Westhoek, Zoetermeer ئامادە بوو , کە پالێوراوی ژمارە 29 یە لە پارتەکەی , لە پارتی چەپی سەوزیش ڕێزدار J.Sjef ئامادە بوو , هەردووکیان بە درێژی باسی بەرنامەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد .

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا , بە پرسیار و وەڵام کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنرا .

ئەوەی شایانی ئاماژەیە کوردەکانی زۆتەرمیر پێیان خۆش بوو , کە پارتی سۆسیالستی خاتوونێکی کوردی " سادات قەرەبلووت " لە ژمارە 14 لیستەکەی پالاوتوە .

SP 14









